هیندستان پێشنیاری لابردنی باج لەسەر کاڵا ئەمریکییەکان دەکات

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند کە هیندستان پێشنیاری کردبوو باجەکانی لەسەر کەلوپەلی ئەمریکی بە سفر کەم بکاتەوە.

ئەمە دووشەممە ترەمپ لە ڕۆگەیە"تروس سۆشیاڵ"ەوە وتی: "ئێستا پێشنیاریان کردووە باجەکانیان بە سفر کەمبکەنەوە، بەڵام زۆر درەنگ بووە دەبوو ساڵانێک لەمەوبەر ئەویان بکردایە".

تا ئێستا باڵیۆزخانەی هیندستان لە واشنتۆن وەڵامی لێدوانەکانی ترەمپی نەداوەتەوە، کە دوای جێبەجێکردنی بڕیارێک هات کە کێی گشتی باج تا 50% لەسەر کاڵای هیندستان بسەپێنێت.

واشنتۆن پاساوی ئەم بڕیارەی هێنایەوە بە ئاماژەدان بە زیادبوونی هاوردەکردنی نەوتی ڕووسیا لەلایەن هیندستانەوە، کە پشکی لە بازاڕی وزەی هیندستان لە ساڵی 2022ەوە لە کەمتر لە 1% بە 42% زیادیکردووە، ئەمە جگە لە شکستی پێنج خولی دانوستانە بازرگانییەکان کە هیچ ئەنجامێکی نەبووە، سەرەڕای ئەوەی نیودەڵەتی چاوەڕوانی دەکرد کە باجەکان بە 15% سنووردار بکرێن.